cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ` Æ˝ ” 2



# بۆ یەکەمجار پاڵەوانێکی نوێ لە خولی نایابی کوردستان دەبینین

**بارزان ئەکرەم**

ئەمڕۆ پێنج شەممە، یارییەکانی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، گەڕی شەشەم، لە چوار گۆشەی زێرین بەڕێوە دەچێت، ئەو کات پاڵەوانێکی نوێ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم چوار یانەیە دەبینین ،کە پێشتر ئەم خولە بە خۆیەوە نەدیتەوە.

لە بەرزایەکانی پریام، یانەی پێشمەرگەی هەولێر میتواندارى یانەی کەرکوک دەکات، بۆ هەردوو یانە ئەم یارییە چارەنوسازە، چونکە بردنەوەیان واتا بەدەسهێنانی نازاناوەکە راستەوخۆ بێ ئاوڕدانەوە لە ئەنجامی یارییەکەی گەرمیان ،پێشمەرگەی هەولێر خاوەنی 8خاڵە و لە پلەی یەکەمی ریزبەندەکە دێت ،کەرکوکیش بە کۆکردنەوەی 7خاڵ پلەی دووەمی گرتووە ،یانەکان چاویان لە نازناوەکەیە ،بۆیە چاوەڕوان دەکرێت یارییەکی ئاست بەرز ببینین، بە تایبەتیش بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر ،وەرزی ڕابردوو لە دوا خولەکەکان جامەکەی لەدەستدا ،ئەم جارەش لە نێو یاریگاو جەماوەری خۆی نایەوێت ئەم دەرفەتە لە دەستبدات ،چەند یاریزانێکی گرینگی بۆ گەڕاوتەوە لە وانە نیاز محەمەد و کۆسەرت بایز و میران خەمرۆ ،کە پالپشتیەکی باش دەبن بۆ یانەکەی سەمیر بابۆ ،کەرکوک دەیەوێت یەکەم نازناوی نایاب لە سەر حسابی کوڕانی پێشمەرگە بەرزبکاتەوە ،دوای ئەوەی گەڕ ڕابردوو لە دوا ساتەکانی یاریان بەرامبەر شێروانە هیوای بەدەستخستنی جامەکەیان بۆ گەڕایەوە ،دەبێ ئەوە بڵێین لە یاریی چوونداا پێشمەرگە لە نێو یاریگای کەرکوک بە ئەنجامی (1-2) یەک یارییەکەی بردەوە ،ئەم جارەش دەیەوێت کوڕانی بابە گوڕگوڕ بکاتە ،پردی گەیشتن بە نازناوەکە.

شێروانە میواندارى نەورۆز دەکات ،یانەکەی گەرمیان هیوای بەدەسهێنانی نازناوەکەی نەماوە ،چونکە لە کۆی خاڵەکانی ئەوە دەبینرێ ناتوانێت ببێتە پاڵەوان ،شێروانە 5خاڵی کۆکردۆتەوە ،لە هەر ئەگەرێک بێت نابێتە پاڵەوان ،ئەوەش بە پێی یاساکانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان، کە دەڵێت: لە ئەگەری ئەنجامی دوویانە وەکو یەک بوون، ئەو کات سەیری ئەنجامی چوون و هاتنی یاریەکانیان دەکرێت، بەڵام دەیانەوێ بەربردتەوەیان لە نەورۆز دڵی جەماوەرەکیان ئاشت بکەنەوە، کە بێهیوا بوونە لە جامەکە، ڕەنگە بەم بردنەوەیەش پلەی دووەم بەشیان ببێت ،ئەوەش دەسکەوت دەبێ بۆیان ،نەورۆز هیوایەکی کەمی ماوە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوان، خاوەنی 6خاڵە، دەبێت لە یانەی شێروانە بباتەوە ،لە یارییەکەی پێرمامیش، یەکسان بوون ڕووبدات ،ئەو کات نەورۆز دەبێتە پاڵەوان، بە هەرشێوەیەک ببێت، پاڵەوانێکی نوێ بۆ ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان دەبینین.

# ئەو ناوبژیوانەی سەرپەرشتی دووەمین فستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی کوردستانی کرد، ئێستا رکابەرییەکانی پاڵەوانێتی ئەوروپا بەڕێوەدەبات

**هاوار مورتکەیی**

لەلایەن یەکێتی شەترەنجی ئەوروپا ئاشووت ڤارداپیتیان گەورە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی شەترەنج دەستنیشانکرا بۆ سەرپەرشتیکردنی 18-مین پاڵەوانێتی شەترەنجی ئەوروپا بۆ ئافرەتان کە ئێستا رکابەرییەکانی لە ریگای پایتەختی لاتڤیا بەڕێوەدەچێت.

ئاشووت ڤارداپیتیان کە بەڕێوەبرد، و لەدیمانەیەکی ئەوکاتی ڕۆژنامەی خەباتیش فیستیڤاڵەکەی بەیەکێک لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە سەرکەوتووەکانی شەترەنجی ژمارد هەم لەرووی ڕێکخستن و دابینکردنی هۆڵی گونجاو و بەشداریکردنی شەترەنجزانانی بەتوانا لەسەر ئاستی کوردستان ،هەروەها ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئەوەی دڵخۆشی دەکات ئەوەیە کە شەترەنجزانانی بیانی بە ئاسوودەیی لە کوردستان یاریی دەکەن و ڕەخساندنی ئەم کەشەش بۆ شەترەنجزانان زۆر گرنگە.

جێی باسە ئەمڕۆکە ئاشووت ڤارداپیتیان بەیەکێک لە ناوبژیوانە سەرکەوتووەکانی شەترەنج دەژمێردرێت و میدیاکان بە گەورە ناوبژیوانی شەترەنج ناوی دەبەن، و لە نێوەندی شەترەنجدا کەسایەتییەکی بەهێز و ناوبانگی هەیە، هەر بۆیەشە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە دەستنیشانکراوە بۆ ناوبژیوانێتی پاڵەوانێتییەکانی جیهانی شەترەنجی کردووە بەتایبەتیش لەنێوان کارلسن و ماگنۆس، جگە لە سەرپەرشتیکردنی ئۆلۆمپیادەکانی شەترەنج، و ئێستاش وەک ناوبژیوانی یەکەم و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانان، یارییەکانی پاڵەوانێتی شەترەنجی ئەوروپا بۆ ئافرەتان بەڕێوەدەبات.

# فیلیپ لام: بەسەربەرزی لە سانتیاگۆ هاتینە دەرەوە

فیلیپ لامی کاپتنی یانەی بایرن سەبارەت بە یاریی گەڕانەوەیان بەرامبەر ریال مەدرید، ئەوەی ڕاگەیاند کە ئێمە شایانی سەرکەوتن بووین لەو یارییەدا و هەمووان دەزانن کە بڕیارە نادروستەکانی ناوبژیوان ئێمەی بە دۆڕاندن دا نەوەک ئاست خراپیمان، ئەوەی ناوبژیوان لەو یارییە بەرامبەر ئێمەی کرد جێی هەڵوەستەکردنە لەسەری، هەمووان بینیان کە ئێمە چۆن یارییان کرد و بڕیارەکانی ناوبژیوانانیش چۆن زوڵمی لە ئێمە کرد. هەروەها فیلیپ لام گوتی: ئەگەرچی لەو پاڵەوانێتییەدا دەرکراین، بەڵام ئێمە بەسەربەرزی لە سانتیاگۆ برنابیۆ هاتینە دەرەوە.

# وەرزی نوێر کۆتایی هات

کارل هاینز ڕۆمەنیگە سەرۆکی یانەی بایرن میونشین ڕایگەیاند کە وەرزی مانوێل نوێری گۆڵچی یانەکەیان کۆتایی هات، دوای ئەوەی لە یارییەکەی بەرامبەر ریال مەدرید دووچاری ئازارێکی زۆر بوو کە بەهۆیەوە ماوەی 8هەفتە لە یارییەکان دوور دەکەوێتەوە.

ڕۆمەنیگە دەڵێت: هەر لەگەڵ گەرانەوەی یانەکە بۆ میونشین، ڕاستەوخۆ دەست بە پشکنینی پزیشکی نوێر دەکرێت، کە پێشتر خۆی ئازاری هەبوو و وە لەو یارییەشدا ئازارەکەی مەترسیدارتر بوو.

# نوها کرمانج: قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری کردە سەر وەرزش

**دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین**

خاتوو نوها کرمانج قوتابی قۆناغی چواری ئامادەیی و گۆڵپاریزی ئێستای تیپی فوتسالی یانەی (ئافرۆدیت)ە ، نوها لەبارەی دەستپێکی وەرزشی خۆی باس لەوە دەکات کەهەر لەمنالییەوە خولیای وەرزش کردن بووە و تا ئێستاش لەگەڵ وەرزش کردن لەیانە و لەقوتابخانە بەردەوامە بەبێ بچڕان، جا بۆ ئەم مەبەستە لاپەڕەی وەرزشی خەبات ئەم کچە وەرزشوانەی بەچەند پرسیارێکی وەرزشی بەسەر کردەوە و سەرەتا خاتوو نوها کرمانج لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژاردی بواری گۆڵپاریزی بۆ ئەم پرسە گوتی: بێگومان هەرلەمنالییەوە خۆلیای بواری گۆڵپاریزی بووم، هەر بۆ بۆ بەدی هێنانی حەزوو ئارەزووەکەم زیاتر بۆ دووساڵ دەبێت رووملکردۆتە یانەی ئافرۆدیت و زۆریش لەم یانەیە بەسەرپەرشتی هەردوو ڕاهێنەران مامۆستا عەباس و مامۆستا ناسی ئاسووددم.

هەر لەبارەی ئەنجامدانی وەرزش لەلایەن ئافرەتانەوە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا بەشداریان لەچەندین پاڵەوانیەتی ناوخۆ کردووە و تیایدا توانیبوومانە پلەکانی یەکەم و دووەمان بەدەستهێناوە.

هەر لەبارەی نەکردنەوەی خول وپاڵەوانیەتی بۆ یانەکانی کوردستان لەلایەن یەکێتیە وەرزشییەکان خاتوو نوها بۆ ئەم پرسەیش گوتی: بێگومان قەیرانی دارایی کاریگەری کردە سەر هەموو بوارەکان، وەرزشیش یەکێک بوو لەم کێشەیە کە بووە قوربانی ئەو قەیرانە داراییە.

دواجار خاتوو نوها کرمانج لەبارەی هەندێک تایبەتمەندی خۆی کەلەژیاندا دوور لەوەرزش زۆر بەبایەخەوە سەیری دەکات ئەویش ئەوەیە کەئەگەر وەرزشوان نەبوایە وەک خۆی دەڵێت حەزم لێ بوو لەبەشی خوێندنی فرۆکەوانی ئاسمانی بمخوێندبوویایە، هەروەها نوها رقی لەو کەسانە دەبێتەوە کەستەم لەبەرانبەرەکەیان دەکەن.